## لوقمان غەریب:

# لەبەر نەبوونی درامای کوردی خەڵک پەنا بۆ درامای بیانی دەبات

**دوای چەند مانگێك لە وێنەگرتنی فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوە) لە سەرەتای هەفتەی رابردوو کاری وێنەگرتنی تەواو بوو، ئێستاش لە قۆناغی مۆنتاژدایە کە ژمارەیەك ئەکتەری ناوداری شاری سلێمانی تێیدا بەشدارن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم فیلمە و چەند پرسێکی تایبەت بە هونەری نواندنی کوردی و زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەکان ئەم دیمانەمان لەگەڵ لوقمان غەریب دەرهێنەر و سینا ر یستی ناسراوی شاری سلێمانی ساز کرد.**



*** ئێوە و ستاف و ئەکتەران ئەرك و ماندووبوونێکی زۆرتان بە (ریحانە)وە کێشا، ئایا لە ئاستی ئاواتەکانی ئێوەدا بوو؟**

- دەتوانم بڵێم درامای (رەیحانە) ئەزموونێکی ناوازە و بێ وێنەیە لە درامای کوردیدا، نە هاوشێوەی هەیە و نە دووبارەش دەبێتەوە، بەڵێ هەموومان بە شانازییەوە بە جوانترین و سەرکەوتووترین کاری خۆمانی دەبینین.

***ئایا پێشوازیکردنی جەماوەر بە بەراورد لەگەڵ کارەکە وەکو پێویست بوو؟**

- لە رووی ئاستی پێشوازی جەماوەریشەوە جگە لە پەخشی یەکەم لە پەخشی دووەمیشدا زۆرترین بینەری هەبووە. ستایلی ئەم درامایە خۆی ئاستی فراوانی جەماوەری بۆ خۆی رادەکێشێت، (رەیحانە) یەکەم درامای کوردی بوو کە لە داگا کەیسی مافی لەبەرگرتنەوە (کۆپی رایتی) لە سەنتەرکانی لەبەرگرتنەوە بردەوە و سەنتەرەکان لە دادگا دانیان بەوەدا نا کە لەسەر داخوازییەکی زۆری خەڵك (رەیحانە) یان کۆپی کردووە و بە دەیان هەزار دانەیان لێ فرۆشتووە، جیا لەوەش ساڵی ٢٠١١ بە نیاز بووین لەگەڵ کۆمپانیای (felmi)ی سووری دۆبلاژی بکەین بۆ سەر زمانی عەرەبی و هەمان کۆمپانیا کاری دابەشکردنیشی لە کەناڵە عەرەبییەکان کردبوو، بەمەش پرۆسەی دۆبلاژ پێچەوانە دەبۆوە، بەڵام بۆ بەدبەختی شەڕی ناوخۆی سووریا روویدا و پرۆژەکە بە گشتی وەستا.

**• لە کۆتایی مانگی ئادارەوە خەریکی وێنەگرتنی فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوە) بوون، کارەکانتان بە کوێ گەیشتووە؟**

- راستە ماوەیەکە سەرقاڵی ئەم فیلمەین، ئێستا قۆناغی وێنەگرتن کۆتایی هاتووە و چۆتە قۆناغی مۆنتاژەوە، ئەمەش رەنگە ماوەی دوو هەفتە بخایەنێت، (دانیشتووانی عەلیاوە) یەکەم فیلمی ئەو پرۆژە نوێیەی منە کە خۆی لە بەرهەمهێنانی چوار فیلمدا دەبینێتەوە و ماوەی هەر یەکیان ٩٠ دەقیقەیە و ناوەندی گاف ئەرکی بەرهەمهێنانی لە ئەستۆ گرتووە.

**• ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە چی دەکات ؟**

- فیلمی (دانیشتووانی عەلیاوە) فیلمێکی کۆمەڵایەتییە باس لە ساویلکەیی خەڵکێك دەکات کە هیچ هێز و هاوتایەك توانای ئەوەی نییە بە هەڵەداچوون و ساویلکەیی ئەم خەڵکە سەرکۆنە بکات.

**• چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کارەکانی پێشووترت بەتایبەتی (رەیحانە) و (دوا بڕیاری یاقوب) ؟**

- بێگومان هەر کارێکی هونەری تایبەتمەندیی خۆی هەیە واتە لە رووی ناوەڕۆك و ئامانج و پەیامەوە جیاوازن، چونکە هەر دەرهێنەرێك لە هەر کارێکدا دەیەوێ پەیامێك ئاراستەی کۆمەڵگا بکات، (دانیشتووانی عەلیاوە) ش بە هەمان شێوە پەیام وئامانجی



**پرۆفایل**

لوقمان غەریب، دەرهێنەر و سیناریستی ناسراوی شاری سلێمانییە خاوەنی چەند بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی و درامیی زنجیرەییە، لەوانە: فیلمی تەلەڤزیۆنیی (سنوقە چا) ساڵی ٢٠٠٤ لە نووسین و دەرهێنانی خۆی و لە کوردستان تیڤی و نەورۆز تی ڤی نیشان درا، زنجیرەدرامای (لە گوڵێك کاڵتر) ساڵی ٢٠٠٧ نووسین و دەرهێنانی خۆی. لە کەناڵەکانی نەورۆز، زاگرۆس، گەلی کوردستان و کەرکووکدا نیشان درا، زنجیرە درامای (نامەکانی ئەشرەف) ساڵی ٢٠٠٩ نووسین و دەرهێنان و لە کوردستان تی ڤی نیشان درا، زنجیرە درامای (ڕەیحانە) ساڵی ٢٠١٠ نووسین و دەرهینان و لە کوردستان تی ڤی نیشان درا، زنجیرەدرامای (دوا بڕیاری یاقوب) ساڵی ٢٠١٢ نووسین و دەرهێنان. لە کەناڵەکانی کۆڕەك و کەناڵ ٤ نیشان درا.، فیلمی (دانیشتوانی عەلیاوە).

تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە رووی ستایلەوە بە هەمان ستایلی کارەکانی پێشووە، هەرچەندە ئەم بەرهەمە لە ناوەڕۆك و شێوازی کارکردن تێیدا لە چوارچێوەی فیلمێکی درێژدایە.

**• لە (رەیحانە) ژمارەی ئەکتەرەکان زۆر بوو، لەم کارە نوێیەدا چەند ئەکتەر بەشدان ولەو بوارەدا هیچ جیاوازییەك لەگەڵ کارەکانی دیکەتان بەدی دەکرێ ؟**

- سیناریۆ و تێکستی هەردوو درامای (رەیحانە) و (دوا بڕیاری یاقوب) وای دەخواست کە ژمارەیەکی زۆری ئەکتەر بەشداری تێدا بکەن، بەڵام ئەم فیلمە بەو ئەندازەیەیە کە ژمارەی ئەکتەرەکان تێیدا زۆر نییە، ئەکتەرە بەشداربووەکان ١٤-١٥ ئەکتەر دەبن کە هەموویان لەسەر ئاستی کوردستان ناسراون و خاوەن ئەزموونێکی زۆری هونەرین، رەنگە هەندێکیان بۆ یەکەم جار بێ لەگەڵ یەکتری کار بکەن وەك هونەرمەندان عەبدولی حەمە جوان و عەلی کەریم و عەلی توانا و شۆڕش قادر، بەڵام هیچیان یەکەم جاریان نییە بەشداری بکەن.

*** پەیامی ئێوە لەم کارەدا چییە؟**

- پەیامەکە ئەوەیە نابێت خەڵکی دەستەمۆی واقعی تاڵ و ملکەچی ژیانێکی زۆرەملێیانە بن، هاوکات ئەوەی پەیامێکی ئینسانیشی هەبێت، نابێ تەنگەنەفەس و کورتبین و میزاجی بێت، وەك ئەوەی لە کاراکتەری سەرەکی ئەم فیلمەدا دەبیندرێت کە خەڵکانێکی گومڕا و بێ ئیرادە لە ناوچەیەکی دوورەدست و هەژار و کۆڵەوار دەستەمۆن.

*** بینەر پەرۆشی زنجیرەی هیندی و مەکسیکی و تورکی و عەرەبییە بەجۆرێك خەریکە کاری کوردی لە بیردەچێتەوە، ئایا ئەمە لە بەدبەختیی ئێمەیە، یان هۆکارگەلێکی ئەوتۆ هەن کە چارەسەرکردنیان سەختە بۆ ئەوەی جەماوەر روو لە دراماکانی کوردی بکاتەوە؟**

-دەتوانین بڵێین بینەر پەرۆشی بینینی درامایە، ئینجا لە غیابی درامای کوردیدا پەنا بۆ ئەم درامایانە دەبات. ئەوەتا دەیان کەناڵی تایبەت بە دراما لە سەتەلایتەکاندا هەن و رۆژانەش ژمارەیان لە زیادبوونە، ئەمە نیشانەی گرنگیی درامایە بۆ بینەر بە گشتی، بینەر پشتی لە درامای کوردی نەکردووە، بەڵکو ئەوە لایەنی پەیوەندیدارە بە دەوڵەت و سەرمایەدارانیشەوە پشتیان لە کەلتووری وڵات و میللەت کردووە. ئێستا لە هەموو کات زیاتر بینەر پەرۆشی بینینی درامای کوردییە و ئێمە رۆژانە کۆنتاکمان لەگەڵ بینەری خۆمان هەیە و هەست بەمە دەکەین و دەزانین چەندە بێزارن لەو هێرشە گەورەیەی درامای دۆبلاژی سەقەتی بیانی، چونکە ئەم دراما بیانییانە لەگەڵ کەلتووری ئێمە ناگونجێن، هاوکات لایەنی دۆبلاژکردن و بە کوردی کردنیشیان زۆر بە سەقەتی و ناکاملی ئەنجام دەدرێت.

*** وەك دەرهێنەرێك پەیامتان چییە بۆ ئەو کەناڵانەی کە کاری بیانی نمایش دەکەن و ئامادە نین سپۆنسەری کارە کوردییەکان بکەن؟**

- دەبێ خاوەنی ئەم کەناڵانە لە بەڕێوەبەرانی کەناڵەکانیان بپرسن کە ئاخۆ ئەوان کەناڵیان بۆ ئەوە دامەزراندووە و پارەی تێدا خەرج دەکەن کە خزمەت بە کەلتوور و بازاڕی بیانی دەکات، یان بە وتە و پەیامی خۆیان بە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردی، میدیاکاران دەزانن ئەم دراما بیانییانە چ کارەساتێکی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا درووستکردووە و ئاکاری زۆرێك لە ئافرەت و پیاوان و گەنجانی ئەم وڵاتەیان بە چ لاڕێیەکی خراپدا بردووە. من پێموایە ئەمە گەندەڵیی کۆمەڵگەیە و زیانی گەورەی پێدەگەیەنێت کە دواتر بە هیچ قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڕێوەبەرانی کەناڵەکان و حکومەت و خاوەن کۆمپانیاکان پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە و ئاوڕێك لە کەلتووری خۆماڵی بدەنەوە و ئەوەندە عاشقی کەلتووری بیانی نەبن، چونکە ئەوەی لە کۆتاییدا دەمینێتەوە تەنیا کەلتوورە.











# كاتريناش دەچێتە كان



بەشـداریكردن لـە فیسـتیڤاڵێكی جیهانی سـینەمایی لـە ئاسـتی كان خەونی هەر ئەكتەرێكە لە ژیانـی خۆیدا و زۆریش لە ئەكتەران ئەگەرچی ناودارن لەسەر ئاستی جیهان، بـەڵام بەدیهاتنی ئەم خەونەیان كارێكی ئاسـان نییە و بـە دەگمەن دێتـەدی، هەندێكیشـیان بە ناوی جیاجیا بەشداری لە فیستیڤاڵەكەدا دەكەن و مەرج نییـە تەنیا وەك دەرهێنەر، یان ئەكتەر بەشـدار بن.

بڕیار وایە كچە ئەكتەری ناوداری هیندی كاترینا كیـف بۆ یەكـەم جار لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵی كان ئامادە بێت لە خولی داهاتووی فیسـتیڤاڵەكە، كاترینا نوێنەرایەتیـی ماركەی (L>Oreal) كە تایبەتە بە كەرەستەكانی جوانكاری ئافرەتان بە یاوەری هەر یەكە لە ئیشواریا رای و سۆنام كاپور، بۆ ئەمە مەبەستەش كۆمپانیای ناوبراو كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەیی ئەنجامدا بۆ هەر یەكە لە سۆنام و كاترینا، لە كۆنگرەكەدا سۆنام وتی: ئەمـە جـاری پێنجەمە بەشداری لە فیستیڤاڵ كان دەكەم و لەسەر فەرشە سوورەكەی ئامادە دەبـم، ئەمەش مایەی شـانازی و خۆشحاڵیمە.

لەلایـەن خۆیـەوە كاترینـا بـە ڕۆژنامەنوسـانی ڕاگەیاند: تا ئێستا دەرفەتی ئـەوەم بۆ نەڕەخسـاوە لە فیستیڤاڵی (كان)دا بەشداری بكەم و ئەمە یەكەمجارە كە بەشداری دەكەم بۆیە خۆشحاڵییەكەی سنووری نییە و یەكێك لە خەونـە گەورەكانم هاتەدی، چونكـە لەو كاتـەوەی هاتوومەتە نێو جیهانی فیلم خەونم بـەوەوە دەبینی لە فیسـتیڤاڵە سـینەماییە جیهانییەكاندا بەشداری بكەم، لەوانەش فیستیڤاڵی كان.

# ئەیوب عەلی تریفەی پێکەنین پێشکەشی کوردستان دەکات



هونەرمەند ئەیوب عەلی بە مەبەستی شانازیکردن بە کوردبوون و کوردستانێتیی خۆی گۆرانیی تریفەی پێکەنین بۆ کوردستان دەچڕێت.

وەك تاكێكی نێو كۆمەڵگەی كوردی و هەستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی، ئەیوب عەلی بە گۆرانیی تریفەی پێکەنین هەڵویستی خۆی بەرامبەر پیرۆزیی خاكی كوردستان پیشان دەدات و باس لە نەبەردی و توانای تاكی كورد دەكات لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی كە بەرۆكی وڵاتەكەی گرتووە هەم لە مێژووی كوردستان و هەم لە سەردەمی ئەمڕۆدا.

ئەیوب عەلی بۆ پاڵپشتی ورەی پۆڵایینی كورد و كوردستانییان بە نەغمە و ئاوازی نیشتمانپەروەرانە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و پێیوایە كە وەك هونەرمەندێك ئەركی سەرشانی ئەو دەوڵەمەندكردنی كەلتووری كوردی و بەرەو پێشبردنی ئاوازی بەپێزی نەتەوەییە و چیرۆكی نەبەردی كورد لە رێگەی ریتم و دەنگ و ئاوازەوە پێناسە دەكات.

تریفەی پێکەنین لە تێكستی بارزان هەستیار و ئاواز و ئامادەكردنی بڕیار رەشید و لەوێنەگرتنی هەردی عومەرە.

# تایلۆر سویفت دەبێتە بێری



تایلۆر سویفت یەكێكە لەو ئەكتەر و گۆرانیبێژانەی كە بەوە ناسراوە بەردەوام لە كۆنتاكدایە لەگەڵ جەماوەری خۆی جا بە تەلەفۆن، یان فەیسبوك، یان تویتەر و ئەنستگرام بێت، بەڵام جگە لە جەماوەرەكەی تایلۆر گرنگییەكی زۆر بە ئاژەڵیش دەدات و بەردەوام بۆ بینینیان سەردانی كێڵگەكان دەكات.

دوای ئەوەی بەم دواییە سەردانی كێڵگەیەكی تایبەت بە بەخێوكردنی مەڕومالاتی كرد، چەند وێنەیەكی سەردانەكەی لە ئەنستگرام بڵاوكردەوە و لەسەر وێنەكانی نووسیبوو: گرنگترین وانە كە ئەمڕۆ من فێری بووم ئەوەیە مەڕ بەو شێوەیە نین كە خەڵك بیری لێدەكاتەوە، چونكە كۆنترۆڵكردنیان زۆر زەحمەتە.

بەم دواییە تایلۆر خەڵاتی (Milestone Award) و لە ئاهەنگێكدا ئەندریای دایكی تایلۆر كە تەمەنی ٥٧ ساڵە و تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە هاتووە خەڵاتەكەی پێشكەش كرد، لە كاتی وەرگرتنی خەڵاتەكە لەبەردەم هەزاران كەس ئەندریای وتی: من دایكێكی زۆر بەختەوەرم كە كچێكی وەك تۆم هەیە، تایلۆریش بە گریانەوە دایكی لە باوەش گرت و هیوای چاكبوونەوەی بۆ دایكی خواست، ئەم دیمەنەش زۆر كاریگەر بوو، ئامادەبووان بە چەپڵەلێدانەوە هەستانە سەر پێ.

شایەنی باسكردنە دوای ئەوەی تایلۆر رایگەیاند كە دایكی تووشی شێرپەنجە بووە، بەشێكی زۆر لە ئەكتەر و گۆرانیبێژانی جیهانی بە نامە و لێدوان و پەیام، یان لە كاتی گێڕانی ئاهەنگەكان، پشتگیری و پاڵپشتی خۆیان بۆی راگەیاند.

## سەنا بەهاج کچە ئەکتەری مەغریبی بۆ گوڵان:

# سینەمای مەغریبی توانیویەتی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و ئێش و ئازارەکانی بێت



هەرچەنــدە ســەنا بەهاج لــە وڵاتی مەغریب بــە یەکێك لە ئەکتەرە بەتوانا و سەرکەوتووەکان ناسراوە و ماوەیەکی زۆر نییە لە بواری هونەریدا کار دەکات، بۆیە وەك پێویست لە میدیاکان نەناسراوە و دەرنەکەوتــووە، بەڵام لەبەر لێهاتوویی و توانای زۆری بەشداری لە ژمارەیەکی زۆر کاری هونەریدا کردووە کە لە تەمەنی هونەریی خۆی زیاترن و لەگەڵ چەندین ئەکتەر و دەرهێنەری ناوداری مەغریبیش کاری کردووە. سەرەتا سەمای بە شــێوەیەکی ئەکادیمی خوێندووە، ئینجا لــە پەیمانگانی باڵای هونەری شــانۆیی و ڕۆشــنبیریی خوێندووە بۆ ماوەی چوار ســاڵ، دواتر لە چەند زنجیــرە دراما و کورتە فیلم و فیلمی درێژدا بەشــداری کردووە، هەروەها لە بەرنامەی (ئەرەب ئای دل)یشــدا بەشدار بوو، بەڵام نەیتوانی قۆناغە سەرەتاییەکان ببڕێ و چووە دەرەوە.

لە دەرفەتێکدا سەنا بەهاج بۆ گوڵان باسی لە چەند لایەنێکی گرنگی سینەما و ئاشنابوونی بە سینەمای کوردی کرد.

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە سینەمای مەغریب پشت بە وروژاندن دەبەستێت، تەنانەت هەندێك جار باس لەوە دەکرێت کە سنوورەکانیش دەبەزێنێت، سەنا بەهاج وەك کچە ئەکتەرێکی مەغریبی ئەم تۆمەتانە رەتدەکاتەوە و بەم شێوەیە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە: پێموانییە سینەمای مەغریبی پشت بە جورئەت و وروژاندن دەبەستێت بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر، ئەمە زیاتر پڕوپاگەندەیە و دەخرێتە پاڵ سینەمای مەغریبی، چونکە دەرهێنەری مەغریبی رێزی جەماوەری خۆی دەگرێت، سەرەڕای ئەمەش نکۆڵی لەوە ناکەین هەندێك فیلم کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، چەند دیمەنێکی وروژاندنیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەویشیان لە چوارچێوەیەکی جیا و لە دەرەوەی سیناریۆی فیلمەکەن، من وای دەبینم سینەمای مەغریبی هێشتا پارێزگارە بە پێچەوانەی ئەوەی لە فیلمە عەرەبییەکاندا دەیبینین.

سەنا لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات کە سینەمای مەغریبی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ سینەمای وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە شایەنی باسکردن بێت و دەڵێ: زۆربەی کارە هونەرییە عەرەبییەکان هاوشێوەن، یاخود جۆرە نزیکبوونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا، تا ئێستا هونەری عەرەبی بە گشتی لەنێو خۆیاندا رکابەرێتی دەکەن و هێچمان نەگەیشتووینەتە ئاستی جیهانی، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی سینەمای مەغریبی و عەرەبی تەنیا لە شێوەزارەکەدایە.

زۆربەی ئەکتەرە سینەماییە ناودارەکان بەتایبەتی لە وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان سەرەتا بە کورتەفیلم دەستیان بە کاری نواندن کردووە، سەناش وەك ئەکتەرێك کورتەفیلم بە کارێکی گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ پێشخستنی ئەکتەر و پێیوایە کورتەفیلم مەشقێکی گەورە و بەسوودە بۆ ئەنجامدانی فیلمی درێژ، وتیشی: بە هۆی ئەزموونی خۆمەوە لە کارکردن لە هەردوو جۆریان، دەتوانم بڵێم کورتەفیلمی باش و سەرکەوتوو رۆڵێکی گرنگ و سەرەکیی لە بەرهەمهێنانی فیلمی درێژ هەیە.

سەنا پێیوایە لێکتێگەیشتنێك لە نێوان بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرە مەغریبییەکاندا هەیە هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی بتوانن پەیامی سینەمای مەغریبی بەشێوەیەکی باش و راشکاوانە بگەیەنین و تێیدا سەرکەوتوو بن و دەڵێ: لە زۆربەی فیلمە مەغریبییەکاندا بەرهەمهێنەر و دەرهێنەران توانیویانە کۆنتاکێکی بەهێز درووست بکەن لەگەڵ جەماوەر لە رێگەی پێشکەشکردنی ئەو بابەتانەی کە لە جەماوەرەوە نزیکن، بۆیە دەتوانم بڵێم سینەمای مەغریبی توانیویەتی رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی مەغریبی و ئێش و ئازارەکانی بێت.

ئەگەرچی سالانە فیلمە کوردییەکان بەشداری لە فیستیڤاڵە سینەماییەکان مەغریبدا دەکەن، بەڵام رەنگە دووریی جوگرافی نێوان هەردوو وڵاتەکە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی هونەرمەندانی مەغریب وەك پێویست ئاشنایەتییان بە فیلمە کوردییەکان نەبێت، لەم بارەیەوە سەنا دەڵێ: بەداخەوە زانیارییەکی زۆرم نییە، بەڵام پێموایە لە زۆر رووە سیناریۆکانیان لە فیلمە مەغریبییەکان نزیکن رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردین، هەر ئەو فیلمانەش هانیاندام کە لە بارەی مێژووی کوردەوە بخوێنمەوە و زانیاریی زیاتر پەیدا بکەم.

لە بارەی کاریگەریی سینەمای میسری لەسەر سینەمای عەرەبی بە گشتی بە سینەمای مەغریبیشەوە سەنا دەڵێ: من یەکێکم لەوانەی لە نزیکەوە سەیری فیلمە میسرییەکان دەکەم و بە رای من هەندێك لە فیلمەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدان لە هەموو روویەکەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو عەرەبەکان کاریگەریی فیلمە میسرییەکانیان بەسەرەوە هەبێت، چونکە وڵاتانی دیکەش خاوەن کەلتوور و هونەری تایبەتی خۆیانن و هەر یەکیان جیاوازی و تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە.

نەچوونی جەماوەر بۆ هۆڵەکانی سینەما بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشوو یەکێکە لەو گرفتانەی کە ئێستا سینەماکاران بەدەستییەوە دەناڵێنن و نەیانتوانیوە بە تەواوی چارەسەری بکەن، سەنا سەرسامیی خۆی لەم دیاردەیە دەربڕی و وتی: منیش نازانم جەماوەر بۆچی پشتی لە سینەما کردووە، چونکە جەماوەری مەغریبی بەوە ناسراوە کە تینووی سینەمایە، هیوادارم سینەمای مەغریبی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆی و جەماوەر وەك جاران لە هۆڵەکانی سینەما بکەنەوە و سینەماش وەکو جاران پاڵەوانە جیهانییەکان بەرهەم بهێننەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش دەڵێ: بێسەروبەریی هۆڵەکانی سینەما و گرنگینەدانی حکومەت و کەرتی تایبەت بە بواری سینەما و سینەماکاران و پێشکەشنەکردنی ئەو فیلمانەی کە لە ئاستی خواستی جەماوەرن، پێویستە چاکسازی تیا بکرێت، چونکە ئێستا جەماوەر زۆر لەو فیلمانە زیرەکترە کە پێشکەش دەکرێن، رەنگە ئەمانە هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی جەماوەر بن لە سینەما.

**پێموایە سیناریۆی فیلمە مەغریبی و کوردیەکان نزیکن لە یەکتری**

**ئێستا جەماوەر زۆر لەو فیلمانە زیرەکترە کە پێشکەش دەکرێن، رەنگە ئەمانە هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی جەماوەر بن لە سینەما**